له ڕێگای بەڕێز قونسوڵی ئەڵمانیای فیدراڵ له شاری هەولێر

بەڕێز: سەرۆك کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ

بەڕێز: سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیای فیدراڵ

بەڕێز: سەرۆکی پەرلەمانی کۆماری ئەڵمانیا

بەڕێز: باڵوێزی ئەڵمانیا له کۆماری عێراق

بەڕێز کۆنسوڵی ئەڵمانیا له شاری هەولێر

پاش سڵاو

بەهۆی ئەوەی کۆمپانیاکانی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ هاوشان له گەڵ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و یابان و .... له هەشتاکانی سەدەی رابردوو رۆڵیان هەبوو له فرۆشتنی بەشی زۆری چەکی کیمیاوی به رژێمی بەعسی روخاو, ئەویش ئەو چەکانەی له قەڵاچۆکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بەکار هێناو ئاکامەکەشی دەیان هەزار هاووڵاتی سڤیل بوونه قوربانی, نموونەیەکی دیاری تاوانەکانیش کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بوو که له ڕێکەوتی 16-3-1988 له لایەن رژێمی بەعسەوە, هاوشان لەگەڵ شاری هەڵەبجە 250 جاری دی کوردستان له نێوان ساڵانی 1987-1988 بەو چەکانە کیمیاباران کرا, تا ئێستاش سەدان لەو قوربانیانه که به چەکەکانی ئەو وڵاتانە کیمیابارانکران بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوە, ناوە ناوەش به مردنی هەر یەکێکیان ژمارەی تازە دەخەنە سەر 5000 قوربانییەکەی چەکی کیمیاوی شاری هەڵەبجە, هەزارانی ناوچەکانی دیکە, هەر بەهۆی ئەو تاوانەشەوە شاری هەڵەبجە چووە پەرتووکی گینزەوە وەك یەکەم شار له مێژووی مرۆڤایەتی زۆرترین قوربانی سڤیلی دابێت به چەکی کیمیاوی له مێژووی مرۆڤایەتی.

ئێمە ئەمرۆ له شاری هەولێر کۆبوینەتەوە, وێڕای ئەوەی سوپاسی ئەڵمانیا دەکەین که هەڵوێستی باشیان هەبووە له مامەڵەکردنی مرۆڤدۆستانه له گەڵ پەنابەرانی ئێزیدی و ناساندنی ئەو تاوانەی بەرامبەریان کراوە به جینۆساید و دادگاییکردنی تاوانبارانی داعشی تیرۆریست و هاوکاری پێشمەرگە له شەری دژ به تیرۆریستان, وە ئەڵمانیا رۆڵی پێشەنگانەی هەبووە له بەرەو رووبوونەوەی مێژووی رابردووی خۆی له ئاستی جیهانی, هاوکات وەکو ساڵانی رابردوو چەند داواکاری سەرەتایی دوبارە دەخەینەوە بەردەست ئێوەی بەڕێز, که بۆ

چەندین ساڵە داوایان دەکەین, بە داخەوە بۆ جارێکیش وەڵامتان نەداینەوە, داواکارییەکانیش ئەوەندە زۆرو گەورە نین ولاتێکی وەك ئەڵمانیا نەتوانێت جێبەجێیان بکات, هیوادارین ئێوەی بەڕێز بە رۆڵی مرۆڤدۆستانەی خۆتان هەڵبستن لە پشتیوانیکردن لەم داواکارییانەو نەفرەت لەو مێژووە ناشرینەی رابردوو بکەن کە بە چەکی کیمیاوی کۆمپانیاکانتان بەشداریتان کرد لە لە تاوانەکە وەك زۆر وڵاتی دیکە لە جیهان, دیارە ئەڵمانیا وڵاتێکی پێشەنگە لە رۆژئاواو جیهان لە قەرەبووی قوربانیان و داوای لێبوردنکردن " هۆلۆکۆست, نامیبیا, ئەرمینیا"

داواکارییەکانمان بریتین لە:

- حکومەتی ئەڵمانیا بە فەرمی دان بە تاوانەکانی جینۆسایدی کورددا بنێت وەك جینۆساید, کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی دانی پێدا ناوە, هاوکات تاوانی جینۆسایدی ئێزیدی و کریستانەکان و شەبەك کە هێزی تیرۆریستی داعش ئەنجامی دا.
- حکومەتی ئەڵمانیا بەشداری بکات لە کەمکردنەوەی ئازاری بریندارانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان بە چارەسەرکردنی بریندارەکان لە وڵاتی ئەڵمانیا.
- لە بری ئەوەی رۆژانە ڤیزا دەدەن بە بارزرگانان و دەوڵەمەندان و بەرپرسانی ئەم وڵاتە و کارئاسانیان بۆ دەکەن بۆ گەشتکردن, ڤیزا بدەن بە بریندارەکانمان بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی لە وڵاتەکەتان, وە وەك قەرەبوییەك ژمارەیەك کورسی خوێندن بۆ منداڵانی بریندارى کیمیاوی لە زانکۆکانتان تەرخان بکەن.
- پزیشك و دەرمان و کەرەستەی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی چارەسەری بریندااران دابین بکەن.
- وەك چۆن تاوانبارانی داعش ددگایی دەکات, هەمان هەنگاو بنێت بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارانی تاوانی ئەنفال, هەڵەبجە, جینۆسایدی بارزانییەکان, جینۆسایدی کریستان و شەبەك و کاکەیی و .... وە دادگاییکردنی ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاویان فرۆشتووە بە رژێمی پێشووی عێراق, بۆ ئەم مەبەستە لە ئاستی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەنگاو بنێت .

-ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید-kwg

-تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc

-تۆڕی ئایکان کوردستان –IKN

-ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان –OAWMD

-ڕێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری –OJC

-ڕێکخراوی جیهانی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی-www

-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

-گۆڤاری تۆبزاوە

-ڕۆژنامەی نگرە سەلان

- ڕێکخراوی مانەوە  بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان

-کوردۆساید ۆچ-چاك کوردستان